پەرلەمانی کوردستان - عیراق

سەنتەری توێژنەوەی پەرلەمان

# دیاریکردنی نرخی سوتەمەنی لە هەرێمی کوردستان و ئاستی پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخەکان


توێژەر

د. توانا فازل سالح

ماموستای ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین


٢٠١٤ زایینی ٢٧١٤ کوردی

# پێشەکی

لە دە ساڵی ڕابردوو دوای ئەو گەشە ئابووریەی هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینیوە شێوازی ژیان و خەرجیەکانی خەڵکی ئەو هەرێمە بە تەواوەتی گۆڕانکاری بەسەر هاتووە. بە شێوەیەك پێداویستی بۆ جۆرەها بەرهەم و کەلوپەلی نوێ زیادی کردووە لە نێوانیاندا پێویستی بە سەرچاوەکانی ووزە و سوتەمەنی زۆر هاتۆتە پێشەوە بە جۆرێك خواستی ئەو هەرێمە بۆ سوتەمەنی چەند بەرابەر زیادی کردووە.

ئەو زیادەیە لە بڕی خواست لەسەر سووتەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین فاکتەر لە نێوانیاندا زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هەروەها باش بوونی بژێوی خەڵك و زیادبوونی داهاتی مانگانەیان و زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل.

بەرامبەر بەو زیادبوونە لەبڕی خواست، بەرهەمی خۆماڵی و بڕی خستنەڕووی بۆ هەموو جۆرەکانی سووتەمەنی و ووزە زیادی کردووە بەڵام هێشتا ناتوانێت ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە کە لە نێوان خواست و خستنەڕوودا هەیە.

بێگومان فراوان بوونی ئەو کەلێنە بە درێژایی دە ساڵی ڕابردوو کاری کردۆتە سەر نرخی سووتەمەنی کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا زیادی کردووە، بە هۆیەوە حکوومەتی هەرێم بەناچاری هەوڵی داوە پاڵپشتی نرخ بکات تا نەبێتە بارێکی گران بەسەر بژێوی خەڵك بە تایبەتی چینی کەم دەرامەت و مووچە خۆر کە داهاتیان دیاری کراوە. هەربۆیە گرینگی بابەتی ئەو توێژینەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت کە هەموو لایەك لە حکومەت و پەرلەمان و هاوڵاتیانیش پێویستیان بەوە هەیە بتوانن میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ دیاری کردنی نرخ.

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە هەموو ئەو ئامرازو میکانیزمانە دەستنیشان بکرێت بۆ چۆنیەتی دیاری کردنی نرخێکی گونجاو بۆ هەموو جۆرەکانی سوتەمەنی بەتایبەتی بەنزین و گازوایل و نەوتی سپی.

کێشەکە خۆی لەوە دەدۆزێتەوە کاتێ نرخێك دیاری دەکرێت دەبێتە بارێکی گران بەسەر خەڵك یان بودجەی حکومەتی هەرێم. چونکە ئەگەر نرخێکی هەرزان دیاری بکەین بۆ سوتەمەنیەکان، ئەوە دەبێت پاڵپشتی لەلایەن حکومەتی هەریم زۆر گەورەتربێت، کە ئەویش هەموو کات ناتوانێت ئەو بارە قورسە بخاتە ئەستۆی بودجە حکومەتەوە. لەلایەکی تر ئەگەر نرخەکە زیاد بکرێت ئەو کاردانەوەی خراپی دەبێت سەر ئاستی بژێوی خەڵك هەموو چینەکانی کۆمەڵگە کە ناتوانن بەو نرخە پێداویستەکانیان لە وزە و سوتەمەنی دابین بکەن.

بۆ گەیشتن بەو میکانیزمە کە بتوانێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، پێویستە سەرەتا بڕی خواست و خستنەڕوو دیاری بکرێت هەروەها کاردانەوەی گۆڕان لەنرخدا بەسەر هەردووکیان. جگە لەوەش پێویستە خەمڵاندنێکی دروست بۆ تێچوی راستەقینەی هەموو ئەو جۆرانەی سوتەمەنی لەکاتی بەرهەم هێنانی لەناو هەرێمدا بکرێت، تا بزانین بڕی ئەو پاڵپشتیەی حکومەتی هەرێم دەیکات بۆ نرخەکان تا چەند کاریگەرە لە سەر بودجەی هەریمی کوردستان.

## بەرهەم هێنانی سوتەمەنی و جۆرەکانی

نەوت وەکو مادەیەکی خاو ناتواندرێت سودی هەبێت مەگەر بپاڵێورێت بۆ چەند بەرهەمێکی سوکتر تا بتوانرێت بە ئاسانتر بەکاربێت بۆ بەدەست هێنانی ووزە. گرنگترین جۆرەکانی ئەو بەرهەمانەی کە لە کوردستان بەرهەم دێن و بەکاردێن ئەمانەن[١] :

١- بەنزین (گازۆلین) مادەیەکی شلی بێ ڕەنگە و سوکە بەخێرایی بەهەڵم دەبێت و ئاگر دەگرێت. بەکاردێت بە زۆری بۆ ئۆتۆمبیل، جۆرەکانی دەگۆرێت بەگوێرەی ئاستی ئۆکتان تیایدا، لەوانە بەنزینی ئۆکتان ٨٠ یان ئۆکتان ٩٠ یان بەنزینی سوپەر بەئۆکتانی ٩٥. کە ڕێژەی بوونی مادەی ڕەصاصی زۆر کەمە تێیدا. بەنزین لەئەنجامی کوڵاندنی نەوتی خاو بەپلەی گەرمی لەنێوان ٨٠-١٥٠پلەی گەرمی لەژێر پاڵەپەستۆی ئاسایی هەوادا بەدەست دێت.

٢- گازوایل (دیزل) یان لەهەندێ شوێن بەناوی سولار دەناسرێت. ئەوەش بەرهەمێکی شلە ڕەنگی نیە وەکو بەنزین بەلآم زۆر بەئاسانی ئاگر ناگرێت. زیاتر بەکاردێت بۆ چەند جۆرە مەکینەیەك یان ئامێرێك کە بەدیزل ئیش دەکات و هەندێ جۆری ئۆتۆمبێل. دیزل بەکوڵانی نەوتی خاو لە پلەی گەرمی (٢٥٠- ٣٥٠) بەدەست دێت.

٣- نەوتی سپی (کیرۆسین) ئەم جۆرە بەرهەمە پێش ئەوەی ئۆتۆمبیل دروست بێت زۆر بەکاردەهات. لە کوردستان زیاتر بۆ گەرم کردنەوەی ماڵ و چێشت لێنان، نانەواخانەکانیش زۆر بەکاری دەهێنن. دەتوانین نەوتی سپی لە ئەنجامی کوڵاندنی نەوتی خاو بەپلەی گەرمی لەنێوان ١٥٠- ٢٥٠ بەدەست بێنین.

٤- نەوتی ڕەش (مازۆت) ئەو جۆرە سوتەمەنیە مادەیەکی ڕەشی قورسە زیاتر بۆ کارگەکان بەکاردێت کە دەتوانین بەکوڵانی نەوتی خاو بەپلەی گەرمی زیاتر لە ٣٥٠ بەدەستی بێنین.

٥- چەندین جۆری تری بەرهەم لە نەوتی خاو دروست دەکرێت بەلآم لە کوردستان تەنها ئەو چوار جۆرەی سەرەوە ناسراون و زۆر بەکاردێن هەروەك بەنزینی فرۆکە........هتد

بە گوێرەی پێوەرە جیهانیەکان یەك بەرمیل نەوتی خاو پێك هاتوە لە (١٥٩.٨) لتر یان دەتوانین بڵێین ١٦٠ لتر بەلآم ئەو بەرهەمانەی سەرەو بە ڕێژەی جیاواز لەهەر بەرمیلێك بەدەست دێن. لەولآتە یەگرتوەکانی ئەمریکا بەشێکی زۆری لێ دەکرێتە بەنزین کە زیاتر لە (٤٦٪) نەوتی خاوە، (٢٣٪) دەکرێت بە دیزل و چەندین جۆری تریش بە ڕێژەی جیاواز دروست دەکرێت وەکو لەو نەخشەیەی خوارەوە دیارە:

**Figure 1: Products Made from a Barrel of Crude Oil (Average for 2000 to 2004)**




Source: GAO analysis of EIA data.

Notes: A barrel containing 42 U.S. gallons of crude oil yields slightly more than 44 gallons of petroleum products. This "process gain" in volume is due to a reduction in density during the refining process. As a result, percentages total more than 100 percent.

[a]Other products include petroleum coke, still gas, asphalt and road oil, petrochemical feedstock, lubricants, etc.

:

Source: United States Government Accountability Office, **understanding the factors that influence the retail price of gasoline**, may 2005 P 1

---

[١] حليمة السعدية قريشي و زينب شطيبة النشاط البترولي وانعكاساته على البيئة http://manifest.univ ) (15.10.2014)

( citi –

بەڵام لە پاڵاوگەکانی کوردستان ناتوانن وەکو پاڵاوگە پێشکەوتوەکانی ئەمریکا و ئەوروپا ئەو ڕێژە بەرزە لە بەنزین و دیزڵ لە یەك بەرمیل نەوتی خاو بەدەست بێنێت، چونکە بڕوڕێژەکە دەوەستێتە سەر ڕادەی قورسی و چڕی نەوتی خاو، تا چەند نەوتی خاو سوك بێت ئەوندە بەنزین زیاتر و نەوتی ڕەشی کەمتر لێ بەرهەم دێت، بەڵکو بە گوێرەی خەمڵاندنێك دەتوانین ڕێژەکان بەم شێوەیەی خوارەوە هەژمار بکەین و بیرۆکەکەمان بۆ روون دەکاتەوە:

خشتەی (١) خەمڵاندنی ڕێژە و بری بەرهەمی جۆاوجۆر لە بەرمیلێك نەوتی خاو بە لتر

| ناوی بەرهەم | ڕێژەی سەدی لە بەرمیلێك نەوتی خاو | بڕی بەرهەم بە لیتر لە بەرمیلێك ناوتی خاو |
|---|---|---|
| **بەنزین** | ٪٢٢ | **٣٥ لیتر** |
| **نەوتی سپی** | ٪٢٢ | **٣٥ لیتر** |
| **گازوایل** | ٪٢٢ | **٣٥ لیتر** |
| **نەوتی ڕەش** | ٪٣٤ | **٥٥ لیتر** |

**سەرچاوە: وەزارەتی سامانە سروشتیەکان. پاڵاوگەکانی کوردستان ٢٠١٤**

جگە لەو ڕێژانەی لەو خشتەیە هاتووە دەکرێت بڵێین کە ڕێژەی ٥٪ لەهەر بەرمیلێك نەوتی خاو دەبێت بە پاشماوە و ناتوانین سودی لێ وەربگرین بەڵام بە شێوەیەکی تێکڕا ڕێژەکە بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت.

لە هەرێمی کوردستان سێ پاڵاوگەی سەرەکی بە فەرمی کاری پاڵاوتنی نەوتی خاو دەکات کە هەرسێکیان بە یەکەوە دەتوانن تەنها ١٤٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە بپاڵێون. بەرهەمەکانیان لە رووی کواڵتیەوە تاڕادەیەك لە بازاڕەکانی کوردستان پەسەند دەکرێت.

## بری خواست و پێداویستی هەریم لە سوتەمەنی

هەروەك لە سەرەوە باسمان کرد چەندین هۆکار هەن کە کاردەکەنە سەر بەرزبونەوەی بری خواست لە سەر سوتەمەنی. پێویستی بەکاربەری سوتەمەنی لە هەرێمی کوردستان لە دە ساڵی رابردوو چەند بەرابەر زیادی کردوە کە هۆکارەکەی بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند فاکتەرە:

١- ژمارەی دانیشتوان: بە گوێرەی ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ژمارەی دانیشتوان لە دە ساڵی رابردوو زۆر بە خێرایی زیادی کردووە، کە ڕێژەی ساڵانە دەگاتە ٢.٦ ٪. تەنها لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠١٤ بە (5,332,600) کەس خەملێنراوە[٢]. کاتێ ژمارەی دانیشتوان بەو ڕێژەیە زیاد دەکات بێگومان خواستی بەکاربەرانیش بەهەمان ڕێژە لەسەر هەموو کەلوپەلەکان زیاد دەکات، لە نێویاندا خواست لەسەر سوتەمەنی کە کاڵایەکی گرنگی ڕۆژانەیە و ناتواندرێت دەستبەرداری بین.

٢- زیادبوونی داهات و باش بوونی بژێوی خەڵك: یەك لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی زیادبونی بری خواست لەسەر سوتەمەنی دەگەرێتەوە بۆ بەرزبونەوەی ئاستی داهاتی خەلك و بەکاربەرانی سوتەمەنی کە لە دە ساڵی رابردوودا بەرزبونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەو باشبوونە لە ئاستی بژێوی خەڵك، وای کردوە ساڵانە بڕێکی زیاتر لە سوتەمەنی بەکاربێنن سەرەرای بەرزبوونەوەی نرخەکەشی هێشتا بەکاربەران ئامادەبوون بری زیاتری لێبکرن، بە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەوە.

٣- گۆرانی شێوازی بەکاربردن و پێشوەچوونی ئاستی ژیان: شێوازی ژیان گۆرانکاری زۆری بەسەردا هاتووە کە زۆربەی خێزانەکان هەوڵیان داوە ئۆتومبێلێك یان زیاتریان هەبێت و واز لە شێوازی گواستنەوەی گشتی بێنن، کە بە هۆیەوە پێویستی هەرێمی

[٢] **حکومەتی هەریمی کوردستان . وەزارەتی پلان دانان. دەستەی ئاماری هەرێم. ڕاپورتی مەزەندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان** ( ٢٠٠٩ - ٢٠٢٠ ) ئابی ٢٠١٤ ل ٦

کوردستان بە بەنزین و سوتەمەنیەکانی تر چەند بەرابەر زیادی کردوە. ئەوە جگە لە زێدەبوونی ڕێژەی گەشتوگوزار بەتایبەتی لە وەرزی بەهار و هاویندا.

٤- فاکتەری تر: چەندین فاکتەری تر هەیە کە کاری کردۆتە سەر بڕی خواست، وەك پێشوەچونی تەکنەلۆژی و هاتنی ئامێر و کەرەستەی نوێ، گەورەبوونی قەبارەی خانوەکان و زیادبوونی ژمارەی باڵەخانەکان. ئەوە جگە لە هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و شەڕوپێکدادان و نائارامی ناوچەکە...هتد. هەموو ئەو فاکتەرانە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر زیادبوونی ئاستی بەکاربردنی سوتەمەنی لە هەرێمی کوردستان.

لە هەرێمی کوردستان بە هۆی نەبوونی داتا و ئاماری دروست و پێویست، ناتوانرێت ئاستی کاریگەری هەریەك لەو فاکتەرانە بە دروستی شیبکرێتەوە تا بزانین کامە فاکتەر زیاتر کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی بڕی خواست لە سەر سوتەمەنی.

بۆ ئەوەی زیاتر ڕۆشنایی بدەین لەسەر هەژمارکردنی ئاستی پێویستی هەرێمی کوردستان و بڕی خواستی هەریەك لە بەرهەمەکانی نەوت یان سوتەمەنی بەجیا، هەوڵدەدەین بەو شێوەی خوارەوە داتا و زانیاریەکان بخەینەڕوو:

١- بەنزین:

بەنزین وەکو بەرهەمێکی سوتەمەنی زیاتر بۆ ئۆتۆمبێل و گواستنەوەی ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان بەکاردێت. کەواتە هەرچەند ژمارەی ئۆتۆمبێل زیاد بکات بڕی بەنزینی پێویست زیاد دەکات. بە گوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم ژمارەی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردوە، بە تایبەتی لە دە ساڵی ڕابردوو چەند بەرابەر ژمارەکەی زیاتر بووە. هەروەك لەو خشتەیەی خوارەوە روون دەبێتەوە کە لە ٢٠١٢—٣١. ٨. ٢٠١٤ بەم شێوەیە بووە.

**خشتەی (٢) تۆماری هەموو جۆرەکەنی ئۆتۆمبیل لە هەریمی کوردستان لە ٢٠١٢ — ٣١. ٨ .٢٠١٤**

| **جۆرەکانی ئۆتومبیل** | **٢٠١٢** | **٢٠١٣** | **٢٠١٤** |
|---|---|---|---|
| ئۆتۆمبێلی تایبەت | ٥٠٧٣٦١ | ٥٨٨٠٩٢ | ٦٣٥٣٦٥ |
| ئۆتۆمبێلی کری ( تاکسی) | ٦٢٩١٤ | ٧٦٤٥٦ | ٨٥٠٩٣ |
| ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر | ٢٤٧٠١١ | ٢٨٧٧٣٣ | ٣١٥٤١٢ |
| ئامێری کشتوکاڵ | ١٤٨٩٢ | ٢١١٧٤ | ٢٣٢٠٠ |
| ئامێری بیناسازی | ١٠٤٥٨ | ١٤٧٢١ | ١٧٣١٧ |
| ئۆتۆمبیلی کاتی ( دەرەوەی هەریم ) | ١٣٥٢٢٥ | ١٣٥٢٢٦ | ١٣٥٠٧٢ |
| ئۆتۆمبیلی میری | ٢٠٤٥٢ | ٢٢٩٤٠ | ٢٤٦٨٦ |
| **کۆی گشتی** | **٩٩٨٣١٣** | **١١٤٦٣٤٢** | **١٢٣٦١٠٥** |
| ڕێژەی زیادەی ساڵانە | - | ١٤.٨ ٪ | ٪٧.٨ |

**سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ. بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەریم، بەشی ئامار ٢٠١٤**

هەروەك لەو خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ژمارەی ئۆتۆمبێل بەگشتی بە ڕێژەی ١٤.٨٪ لە ساڵی ٢٠١٣ زیادی کردوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٢. ژمارەی ئۆتۆمبێل لە کۆتایی مانگی ئاب ٢٠١٤ گەیشتۆتە (١٢٣٦١٠٥). هەرچەندە بەشێك لەو ئۆتۆمبێلانە بەنزین بەکارناهێنن زیاتر گازاۆیل بەکاردێنن هەروەك بەشێك لە ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان یان ئامێرەکانی کشتوکاڵی و بیناسازی...هتد، بەڵام ئەوانی تر هەر هەموویان بە بەنزین کاردەکەن.

بۆ خەملاندنی بڕی خواستی هەرێمی کوردستان لەسەر بەنزین دەتوانین گریمانەی ئەوە دابنێین کە ئەگەر هەر ئۆتۆمبێلێك هەفتانە٥٠ لتر بەنزین بەکار بێنێت جگە لە ئۆتۆمبیلەکانی کرێ (تاکسی) کە هەفتانە پێویستیان بە زیاتر ١٢٠ لترە، دەکرێت بەو خشتەیە هەژماربکرێت:

خشتەی (٣) بری خواستی بەنزینی خەملێنراو بۆ هەفتەیەك لە هەریمی كوردستان لە ٢٠١٢ – ٢٠١٤

| ئۆتومبیەكانی بە بەنزین كاردەكەن | ٢٠١٢<br>لتر / هەفتە | ٢٠١٣<br>لتر / هەفتە | ٢٠١٤<br>لتر / هەفتە |
|---|---|---|---|
| ئۆتۆمبیلی تایبەت | ٢٥,٣٦٨,٠٥٠ | ٢٩,٤٠٤,٦٠٠ | ٣١,٧٦٨,٢٥٠ |
| ئۆتۆمبیلی كرێ (تاكسی) | ٧,٥٤٩,٦٨٠ | ٩,١٧٤,٧٢٠ | ١٠,٢١١,١٦٠ |
| ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر ( ٦٠ ٪ ) | ٧,٤١٠,٣٣٠ | ٨,٦٣١,٩٩٠ | ٩,٤٦٢,٣٦٠ |
| ئۆتۆمبیلی كاتی (دەرەوەی هەریم) | ٦,٧٦١,٢٥٠ | ٦,٧٦١,٣٠٠ | ٦,٧٥١,٦٠٠ |
| ئۆتۆمبیلی میری | ١,٠٢٢,٦٠٠ | ١,١٤٧,٠٠٠ | ١,٢٣٤,٣٠٠ |
| **كۆی گشتی** | **٤٨,١١١,٩١٠** | **٥٥,١١٩,٦١٠** | **٥٩,٤٢٧,٦٧٠** |

**سەرچاوە: لە لایەن توێژەرەوە بە پاڵپشتی داتاكانی بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچوی هەریم.**

هەروەك لەو خشتەیەی سەرەوە دەردەكەوێت بەكارهێنانی هەفتانەی بەنزین زیادی كردوە بە هەمان رێژەی زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل. بەڵام ئەو برِانە دەكریت بگۆرێت بە گوێرەی چەند هۆكارێك هەروەك گۆرانی نرخی بەنزین یان ژمارەی ئۆتۆمبێل كە هەر خێزانێك هەیەتی، چونكە مەرج نیە بۆ هەموو ئۆتۆمبیلەكانی یەك خێزان بە هەمان رێژە بەكاربێنن یان هەمان بری بەنزین بەكاربێنن. جگە لەوە ئۆتۆمبێلی كرێش مەرج نیە هەموو ئۆتۆمبیلەكان هەمان ژمارەی كاتژمێر لە هەفتەیەكدا كاربكەن دوورنیە زیاتر یان كەمتر بەنزین بەكاربێنن.

٢- نەوتی سپی:

وەك ئاشكرایە نەوتی سپی زیاتر بۆ گەرم كردنەوە بەكاردێت بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا. بۆیە خواستی بەكاربەرانی هەرێمی كوردستان دەوستێتە سەر چەند فاكتەرێك، گرنگترینیان ئەمانەن:

- ژمارەی ئەندامانی خێزان، ژمارەی قوتابی و منداڵ....هتد.
- گەورەیی خانوو و رووبەر و جۆری كەرەستەی بەكارهاتوو لە دروستكردنی.
- ناوچە و شوینی خانوو، هەرچەند شوینەكە شاخاوی بێت پێویستی زیاتری بە نەوت دەبێت بۆ گەرمكردنەوە.

بە گوێرەی داتاكانی فەرمانگەی دابەشكردنی سوتەمەنی پارێزگاكان. ساڵانە بۆ هەر خێزانێك ٣ بەرمیل نەوتی سپی دابەش دەكرێت كە دەكاتە زیاتر لە ٥٠٠ لتر، بەگوێرەی فۆرمی خۆراك. بەڵام لە ناوچە شاخاویەكان ٤ بەرمیل نەوت وەردەگرن چونكە ناوچەكانیان لە زستاندا ساردترە.

هەروەك لە روپێویك كە توێژەر بۆ ئەو توێژینەوەیە بە تایبەت ئەنجامی داوە دەركەوت زیاتر لە ٥٨٪ خێزانەكان بەو برە نەوتەی وەریدەگرن ساڵانە بەشیان ناكات ناچاردەبن بری زیاتر بكرن، كە بە تێكرا هەر خێزانیك ٢ بەرمیلی زیاتر دەكریت. جگە لە گەرم كردنەوەی ماڵان نەوتی سپی بۆ گەرم كردنەوەی قوتابخانەكان و مزگەوتەكانیش بەكار دێت كە ئەویش بەشێكی گرنگ لە خواست پێكدێنێت. فەرمانگەی دابەشكردنی سوتەمەنی لەهەر پارێزگایەك لە نێوان ٣.٥-٤ ملیۆن لتر ساڵانە بە سەریان دابەش دەكات.

هەروەها بەشێكی تریش بەسەر ئاوارەكان دابەش دەكرێت، كە ئەمساڵ ژمارەی ئاوارە لە هەرێمی كوردستان زۆر زیادی كردووە بەوەی دوورنیە ئەمساڵ نەوتی سپیش قەیرانی تیبكەوێت و نرخەكەی لە بازاری رەش زۆر بەرزبێتەوە. بەشیكی تر لە خواستی سەر نەوتی سپی بەكارهێنانیەتی بۆ نانەواخانەكان كە ساڵانە لە نێوان ٦٠٠-٧٠٠ هەزار لتر لە هەر پارێزگایەك وەردەگرن. ئەم خشتەیەی خوارەوە رێژەی بەكارهێنانی رۆژانەی نەوتی سپی لە هەرێمی كوردستان بۆمان روون دەكاتەوە.

خشتەی (٤) دابەشکردنی ڕۆژانە و مانگانە بۆ نەوتی سپی لە ساڵی ٢٠١٤

| جۆری بەرهەم | برەکەی/ لیتر ڕۆژانە | برەکەی / لتر مانگانە |
|---|---|---|
| نەوت بۆ نانەواخانەکان | 260,000 | ٧,٨٠٠,٠٠٠ |
| نەوت بۆ ماڵان | 2,000,000 | ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| نەوت بۆ حکومەت، قوتابخانە و مزگەوت | 90,000 | ٢,٧٠٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢,٣٥٠,٠٠٠ | ٧٠,٥٠٠,٠٠٠ |

سەرچاوە: وەزارەتی سامانە سروشتیەکان. فەرمانگەی دابەشکردنی سوتەمەنی پارێزگای/هەولیر، سلێمانی، دهۆك، ٢٠١٤

٣- **گازۆیل**: خواستی هەرێمی کوردستان بۆ گازوایل زۆر لە بەنزین و نەوتی سپی زیاترە، چونکە گازوایل جگە لەوەی بۆ ئۆتۆمبێل و ئامێری کشتوکاڵی و بیناسازی بەکاردێت کە ژمارەیان لە ٢٠١٤ گەیشتە (١٦٦٦٨٢) ئۆتۆمبێل. ئەوا بەشی هەرە گەورەی خواستی گازاویل بۆ ویستگەکانی کارەبایە کە حکومەتی هەرێم بڕێکی زۆر لە گازاویل لە ئێرانەوە هاوردە دەکات کە ڕۆژانە نزیکەی ٩ ملیون لتر گازاویل بە نرخی ١١٠٠ دینار بۆ هەر لترێك تەرخان دەکات. جگە لەوەش مانگانە ٢٥ ملیون لتر بەسەر موەلیدە ئەهلیەکانی کارەبا دابەش دەکرێت. ئەو خشتەیەی خوارەوە بڕی بەکارهێنانی ڕۆژانەی هەرێم لە گازاویل ڕووندەکاتەوە.

خشتەی (٥) دابەشکردنی ڕۆژانە و مانگانە بۆ گازاویل لە ساڵی ٢٠١٤

| جۆری بەرهەم | برەکەی/ لیتر ڕۆژانە | برەکەی/ لتر مانگانە |
|---|---|---|
| گازاویل بۆ حکومەت | 550,000 | ١٦,٥٠٠,٠٠٠ |
| گازاویل بۆ موەلیدە ئەهلیەکان | 850,000 | ٢٥,٥٠٠,٠٠٠ |
| گازاویل بۆ ئۆتۆمبیل و ئامێری کشتوکالی و بیناسازی | 1,400,000 | ٤٢,٠٠٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢,٨٠٠,٠٠٠ | ٨٤,٠٠٠,٠٠٠ |

سەرچاوە: وەزارەتی سامانە سروشتیەکان. فەرمانگەی دابەشکردنی سوتەمەنی پارێزگای/هەولیر، سلێمانی، دهۆك، ٢٠١٤

## دیاریکردنی نرخی سوتەمەنی :

لە چەند ساڵی ڕابردوو نرخی سوتەمەنی گۆرانکاری زۆری بەسەر هاتووە، بە تایبەتی نرخی بەنزین و گازوایل. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی هەرێم نرخی لترێك بەنزینی بە ٥٠٠ دینار دیاری کرد. هەرچەندە ئەو نرخە زۆر جیاوازە لە نرخی تێچوی بەرهەمهێنانی بەنزین، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دوای پاڵپشتی کردنی نرخ توانی نرخەکە دابەزێنیت بۆ ٥٠٠ دیناری عیراقی.

ئەگەر بێتو نرخی سوتەمەنی بۆ هێزی خواست و خستنەرووی بازار بەجێ بیلێن، ئەوا نرخەکە لە ئاستێکی زۆر جیاواز هاوسەنگ دەبێت.

بۆ دیاریکردنی نرخی ڕاستەقینە، پێویستە ئاستی خواستی بەکاربەران بەرامبەر هەر نرخێك لە بازار دیاریبکرێت.

توێژەر هەڵساوە بە ئەنجامدانی ڕوپێوێك لە ڕێگای دابەشکردنی فۆرمی پرسیار بە سەر زیاتر لە ٢٠٠ خێزان لە هەرێمی کوردستان، بە زۆری لە شاری هەولێر بۆ دیاری کردنی کاردانەوەی خەڵك و خاوەن ئۆتۆمبیلەکان بەرامبەر هەر گۆڕانکاریەك ڕوودات لە نرخدا.

بە گوێرەی ئەو ڕوپێوە توێژەر توانیویێتی ئاستی کاردانەوەی خواستی بەکاربەران دیاری بکات هەروەك لەو خشتەیەی خوارەوە هاتووە:

**خشتەی (٦) تێکرای ئامادەیی بەکاربەر بۆ کرینی بەنزین لە هەفتەیەکدا**

| نرخ بە دینار | تێکرای ئامادەیی بەکاربەر بۆ کرینی بەنزین لتر/ لە هەفتەیەکدا |
|---|---|
| ٥٠٠ | ٥٠.٢ |
| ٧٠٠ | ٣٣.١ |
| ٩٠٠ | ٢٤.٥ |
| ١١٠٠ | ٢٣.٦ |
| ١٢٥٠ | ١٦.٣ |

**سەرچاوە: کاری توێژەرە بە پشت بەستن بە ئەنجامی روپێوی تایبەت بەو توێژینەوەیە ئەنجامدراوە.**

هەروەك لەو خشتەیەی سەرەوە دیارە، نرخی سوتەمەنی پەیوەندیەکی پێچەوانەیی هەیە لەگەڵ بڕی خواستی بەکاربەر. هەرچەند نرخ بەرزبێتەوە ئەوە بڕی خواست کەم دەکات، ئەوەش پەیوەندیەکی پێشبینیکراوە و لەگەڵ تیۆری ئابووری یەکدەگرێتەوە، کە مانای وایە نەرمی نواندنی بەنزین بۆ نرخەکان زۆر بەرزە بە شێوەیەك کە ئەگەر نرخەکە زۆر زیاتر بەرزبێتەوە خەڵك دوور نیە بە تەواوی دەستبەرداری بەکارهێنانی بەنزین بن یان ئۆتۆمبێلەکانیان لە ماڵەوە رادەگرن بە شێوازێکی تر گواستنەوە دەکەن.

ئەگەر ئاستی کاردانەوەی بەکاربەر بە شێوەی ئەو خشتەیەی سەرەوە بێت ئەوە دەتوانین بڕی خواستی هەرێم لە ٣ ساڵی رابردوو بەو شێوەیەی خوارەوە خەملاَندنی بۆ بکەین:

**خشتەی (٧) هەژمارکردنی بری خواستی هەفتانەی بەنزین لە هەریمی کوردستان بە لتر**

| نرخ | تێکرای ئامادەیی بەکاربەر | ژمارەی ئۆتۆمبیلی بەنزین | خواستی هەموکی بەنزین | خواستی ئۆتۆمبیل کری تاکسی | کۆی گشتی خواست | کۆی گشتی خستنەروو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠٠ | ٥٠.٢ | ٩٨٤٣٣٠ | ٤٩٤١٣٣٦٦ | ٦٨٠٧٤٤٠ | ٥٦٢٢٠٦٠٨ | ٣٥٠٠٠٠٠٠ |
| ٧٠٠ | ٣٣.١ | ٩٨٤٣٣٠ | ٣٢٥٨١٣٢٣ | ٦٨٠٧٤٤٠ | ٣٩٣٨٨٧٦٣ | ٣٥٠٠٠٠٠٠ |
| ٩٠٠ | ٢٤.٥ | ٩٨٤٣٣٠ | ٢٤١١٦٠٨٥ | ٦٨٠٧٤٤٠ | ٣٠٩٢١٥٢٥ | ٣٥٠٠٠٠٠٠ |
| ١١٠٠ | ٢٣.٦ | ٩٨٤٣٣٠ | ٢٣٢٣٠١٨٨ | ٦٨٠٧٤٤٠ | ٣٠٠٣٧٦٢٨ | ٣٥٠٠٠٠٠٠ |
| ١٢٥٠ | ١٦.٣ | ٩٨٤٣٣٠ | ١٦٠٤٤٥٧٩ | ٦٨٠٧٤٤٠ | ٢٢٨٥٢٠١٩ | ٣٥٠٠٠٠٠٠ |

**سەرچاوە: کاری توێژەرە بە پشت بەستن بە ئەنجامی روپێوی و داتاکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی هەتوچوی هەریم ٢٠١٤**

بە گوێرەی ئەو خشتەیەی سەرەوە، دەردەکەوێت ئەگەر نرخی لترێك بەنزین ٥٠٠ دینار بێت ئەوە بری خواستی هەفتانە ٥٦,٢٢٠,٨٠٦ لترە. ئەو بڕە خواستە زۆرە. کە بێگومان کەلێنێکی زۆر دروست دەکات لەگەڵ خستنەڕووی بەنزین لە هەفتەیەکدا، کە بەرهەمی رۆژانەی هەرێم تەنها ٣.٢ ملیون لتر لە رۆژێکدا، هەروەها بەگوێرەی زانیاریەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان رۆژانە ١,٨٠٠,٠٠٠ لتر لە تورکیا هاوردە دەکرێت کەواتە بە کۆی هەردووکیان برەکەی دەکاتە ٥ ملیون لتر بەنزین لە رۆژێکدا. ئەوەش مانای ئەوەیە کە بری خستنەڕوو لە هەفتەیەکدا ٣٥ ملیون لترە، کەواتە کەلێنی نێوان خواست و خستنەڕووی بەنزین زیاترە لە ٢١ ملیون لتر لە هەفتەیەکدا بۆیە هیچ هاوسەنگییەك نابێت لە نرخی ٥٠٠ دیناردا.

ئەگەر نرخەکە بەرز بێتەوە بۆ ٧٠٠ دینار ئەوە بری خواست هیشتا زۆر زیاترە کە (٣٩,٣٨٨,٧٦٣) لترە کە هێشتا کەلێنەکەی نێوان خواست و خستنەڕوو زیاترە لە ٤ ملیون لتر، کەواتە ئەو نرخەش ناکریت هاوسەنگی دروست بکات. بەڵام ئەگەر نرخەکە بەرز بێتەوە بۆ ٩٠٠ دینار ئەوە خستنەڕوو زیاتر دەبیت لە خواست بە پێچەوانەوە زیادەیەك لە بازاڕی بەنزین دروست دەبێت لە هەرێمی کوردستان کە زیاترە لە ٤ ملیون لتر ئەوەش حکومەت ناچار دەکات بازاری دەرەکی بۆ بدۆزێتەوە یان بفرۆشێتەوە بە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

بەو پێیە دەگەین بە ئەجامێك کە نرخ تەنها هاوسەنگی دروست دەکات لە نێوان نرخی ٧٠٠ – ٩٠٠ دینار بۆ هەر لترێك، یان دەتوانین بڵێین ئەگەر نرخ بۆ هێزی خواست و خستنەروو لە بازار بەجێبێلین دەتوانێت لە نرخێکی نزیك ٨٠٠ دینار بۆ هەر لترێك هاوسەنگی دروست بکات. بەڵام ئەو نرخە سەقامگیر نابێت ڕۆژانە هەڵسان و دابەزین بەخۆوە دەبینێت، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی ڕۆژانە لە بری خواست و خستنەڕوو ڕوودەدات لە ئەنجامی کاریگەری فاکتەرەکانی کە پێشتر باسمان کردوە.

### تێچوی بەرهەمهێنانی سوتەمەنی

بۆ دیاری کردنی ئاستی پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخی هەموو جۆرەکانی سوتەمەنی و کاریگەری ئەو پاڵپشتیە لە سەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کودستان، سەرەتا پێویستە تێچوی بەرهەمهێنانی هەریەك لەو بەرهەمانە دیاری بکرێت. دوورنییە هەژمارکردنی تێچوی بەرهەمەکانی نەوتی خاو لەوڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر جیاوازبێت. ئەوەش دەوەستێتە سەر چۆنیەتی بەدەست هێنانی نەوتی خاوو، هەروەها برگەکانی هەژمارکردنی تێچوی بەرهەمهێنان تا دەگاتە دەست بەکاربەر.

تێچوی نەوتی خاو لەو وڵاتانەی نەوتی خاو لەخاکی خۆیان بەرهەم ناهێنن یان زیاتر لە بازارە جیهانیەکان دەیکڕنەوە جیاوازە لەو وڵاتانەی کە بۆخۆیان خاوەنی نەوتی خاون وەك کوردستان یان عێراق.

لە زۆرێك لە وڵاتانی دونیا کە نەوتی خاو لە بازارەکان دەکرنەوە بە نرخی بازاڕ کە ئێستا دابەزیوە لە ١٠٨ دۆلاری ئەمریکیە بۆ ٨٢ دولار، پاشان ئەو نرخە کۆدەکرێتەوە لەگەڵ نرخی پاڵاوتن و گواستنەوە و فرۆشتن و هەروەها باجی دەخرێتە سەر. کە هەموویان کۆدەکرێتەوە تێچوی یەك لیتر لە هەریەك لەو بەرهەمانە پێك دێنن وەك ئەوەی لەو نەخشەیەی خوارەوە دیارە کە ڕێژەی هەر یەك لە بڕگەکانی تێچوی بەرهەمە نەوتیەکان لە ئەمریکا ڕووندەکاتەوە:




Source: United States Government Accountability Office, understanding the factors that influence the retail price of gasoline , may 2005 P 5

بەڵام بۆ هەژمارکردنی تێچوی بەرهەمهێنانی سوتەمەنی لە کوردستان یان عێراق تێچوەکە بەشێوازێکی جیاواز هەژمار دەکرێت. چونکە نەوتی خاو لە ناو خاکی وڵات بەرهەم دەهێنرێت و هەروەها هیچ باجێك لەسەر بەرهەم هێنانی و پاڵاوتنی نییە بۆیە برگەکانی تێچوی لترێك زۆرجیاوازە لەوەی لە وڵاتانی ترە.

لە عێراق نەوتی خاو وەك کاڵایەکی سروشتی هەژمار دەکرێت نرخەکەی بەخۆڕایی دادەنرێت تەنها تێچوی دەرهێنان و پاڵاوتن و گواستنەوە هەژماردەکری. بەڵام لە کوردستان تۆزێك جیاوازە چونکە نەوتی خاو هەرچەند لەناو خاکی وڵات بەرهەم دێت بەڵام تێچوی بەرهەمهێنانی جیاوازە چونکە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت بەگوێرەی ئەو گرێبەستانەی هەیانە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ڕێژەیەك لە بەرهەمەکە بۆ ئەوان دەگەرێتەوە کە بە تێکرا دەتوانین مەزندە بکرێت لە نێوان ٢٠ – ٣٠ ٪ کەواتا ناتوانین

نەوتی خاو بە خۆڕایی هەژمار بکەین وەکو عێراق. هەروەها تێچوی گواستنەوە و پاڵاوتن بە گوێرەی نرخێکی دیاری کراو هەژمار دەکرێت.

بۆ پاڵاوتنی هەر بەرمیلێك نەوتی خاو ١٧ دۆلار دەدرێت بە پاڵاوگەکان و بۆ گواستنەوەی هەر تەنێك نەوتی خاو٣٠دۆلار هەژماردەکرێت، کە هەر تەنێك حەوت بەرمیل لە خۆدەگرێت کەواتا هەر بەرمیلێك نزیکەی ٤.٢٨ دۆلار تێچوی گواستنەوەیەتی. ئەوە جگە لە تێچوی کارگێری و بەبازاڕکردن و هەروەها ئەو بڕە لە قازانجی ئەو شوێنەی دەیفرۆشێتەوە کە دەبێت هەمووی هەژمار بکرێت.

لەبەر ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان تا ئێستا ناخوازێت داتاو زانیاری دروست لەسەر تێچوی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی بڵاوبکاتەوە یان بیخاتە بەردەستی توێژەران. هەر بۆیە بە شێوازی خەمڵاندن بۆ تێچوەکان هەژماری تێچوەکان دەکەین:

١- نەوتی خاو: دەکرێت نەوتی خاو بە ڕێگای تێچوی بەرهەمهێنانی لە لایەن کۆمپانیاکان ئەویش بە گوێرەی گرێبەستەکان هەژمار بکرێت. بەپێی زۆربەی ئەو گرێبەستانە ٣٥ دۆلار بو هەر بەرمیلێکی نەوتی خاوی بەرهەم هاتوو هەژماردەکرێت. یان دەتوانین بە نرخی بازارەکانی جیهانی کە ئێستا نزیکەی ٨٢ دولارە بۆ هەر بەرمیلێك، ئەوەش دوای ئەو دابەزینەی کە لە مانگی رابردوو بە سەر نرخی نەوتی خاو هاتوە لە بازارەکانی جیهاندا.

٢- تێچوی پاڵاوتن: بە گوێرەی ئەو گرێبەستەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەگەڵ پاڵاوگەکانی کوردستان کراوە، بۆ هەر بەرمیلێك نەوتی پاڵاوکراو ١٧دۆلار دەدرێت بە پاڵاوگەکە. ئەوەش نرخێکی دیاری کراوە و ناگۆردرێت.

٣- تێچوی گواستنەوە: تێچوی گواستنەوەی یەك تەن نەوتی خاو لە کێڵگەکانی نەوت بۆ پاڵاوگەکان ٣٠ دۆلارە. کە هەرتەنێك حەوت بەرمیل لەخۆدەگرێت کەواتە هەربەرمیلێك نزیکەی ٤.٢٨ دۆلار تێچوی گواستنەوەیەتی.

٤- تێچوی فرۆشتن و کارگێری: ئەوش تێچوی گواستنەوە و قازانجی وێستگەکانی فرۆشتن....هتد. دەگرێتەوە کە دەکرێت بە کۆی هەمووی ٥ دولار هەژمار بکرێت بۆ هەر بەرمیلێك.

لێرەوە دەتوانین تێچوی لترێك بەنزین یان هەر بەرهەمێکی تر بە تێکرایی هەژماربکرێت بە گوێرەی ئەو خشتەیەی خوارەوە

**خشتەی ( ٨ ) هەژمارکردنی تێچوی یەك لتر لە بەرهەمە نەوتیەکان بە دینار و بە دۆلار**

| جۆری تێچووی بەرهەم | بری تێچوو بە دۆلار | بری تێچوو بە دینار |
|---|---|---|
| نەوتی خاو | ٣٥ | ٤٢,٠٠٠ |
| تێچوی پاڵاوتن | ١٧ | ٢٠,٤٠٠ |
| تێچوی گواستنەوە | ٤.٢٨ | ٥,١٣٦ |
| تێچوی فرۆشتن و کارگێری | ٥ | ٦,٠٠٠ |
| کۆی گشتی تیچوی بەرمیلێك | ٦١.٢٨ | ٧٣,٥٣٦ |
| تێکرای تێچوی لترێك | ٠.٤٠ | ٤٨٣.٨ |

**سەرچاوە: کاری توێژەرە بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی بلاوکراوە لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان**

## پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخەکان

زۆر لە وڵاتانی دونیا بەردەوام پاڵپشتی نرخی سوتەمەنی دەکەن هەر یەکەو بە بیانوییەك، گوایە هاوکاری خەڵکی کەم دەرامەت دەکەن تا سوتەمەنیان بە هەرزانتر دەسکەوێت یان بە بیانوی هاندانی گەشەی ئابووری و پەرەپێدانی وولاَت ئەم پاڵپشتیە دەکەن. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان لە ساڵی ٢٠٠٩ سەرجەم پاڵپشتی نرخی سوتەمەنی لە هەموو جیهان گەیشتۆتە ٣١٢ ملیار دولار کە دوو بەشی ئەو پارەیە (٢١١) ملیار دۆلار بۆ پاڵپشتی بەکاربەر بووە، ئەویتر بۆ پاڵپشتی بەرهەمهێنەرەکان تەرخانکراوە. بەڵام بە گوێرەی

لێکۆڵینەوەیەکی سندوقی دراوی نێودەولاتی IMF لە ساڵی ٢٠١٣ ئاماژە بەوە دەکات کە بڕی پاڵپشتی بۆ سوتەمەنی گەیشتۆتە زیاتر لە ٤٠٠ ملیار دۆلار[٣].

لە هەرێمی کوردستان دوورنیە بە هەمان بیانووی وڵاتانی تر ئەو پاڵپشتیە کراوبێت بۆ نرخەکان بەلام تا ئیستا زۆر روون نیە کە برەکەی چەندە، چونکە تەمومژیەکی زۆر هەیە لە هەژمار کردنی تێچوی بەرهەمهێنانی سوتەمەنی.

هەروەك دیارە لەو نرخانەی کە هەموو جۆرەکانی سوتەمەنی پێدەفرۆشریت جیاوازە لە تێچوی بەرهەمهێنانیان. ئەو جیاوازیە دەگەرێتەوە بۆ پاڵپشتی حکومەتی هەرێم بۆ نرخەکان تا بەکاربەرانی هەریمی کوردستان بە تایبەتی کەم دەرامەتەکان بتوانن ئەو سوتەمەنیانە بە دەست بێنن.

بەلام وەکو دەرکەوت لە خەملاندنی تیچوی بەرهەمهێنان، تێچوەکان هێندە زۆر بەرزنین هەروەك ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان باسی دەکات. ئەگەر تێچوەکە هەژمار بکەین لەسەر ئەو بنەمایەی کە نەوتی خاو لە خاکی کوردستان بەرهەم دێت و سامانێکی سروشتی نیشتیمانیە، ئەوا تەنها تێچوی بەرهەمهێنانی هەژماردەکرێت وەکو لەخشتەی سەرەوە دەرکەوت تێچوەکە بە تیکرایی ٤٨٣.٨ دینارە بۆ هەر لترێك کەواتە بڕی پاڵپشتی هێندە زۆر نیە بەڵکو لە هەندی بەرهەم وەکو بەنزین حکومەت قازانجیش دەکات تەنها لە نەوتی سپی پاڵپشتیەکە زۆرە. هەروەك دەردەکەوێت لەو خشتەی خوارەوە.

**خشتەی (٩)**

**هەژمارکردنی بری پاڵپشتی رۆژانەی حکومەت بۆ نرخی سوتەمەنی لە سەر بنەمای تێچوی خەملێندراو ( دینار)**

| جۆری بەرهەم | بری دابەشکراوی رۆژانە | تێچوی بەرهەمهێنان / لتر | نرخی پاڵپشتکراو / لتر | جیاوازی نرخ | پاڵپشتی نرخ/ رۆژانە |
|---|---|---|---|---|---|
| بەنزینی تاکسی(کری ) | 800,00٠ | ٤٨٣.٨ | ٥٠٠ | 16.2 | 12,960,000 |
| بەنزینی ئۆتۆمبیلی تایبەت | 2,200,000 | ٤٨٣.٨ | ٥٠٠ | 16.2 | 35,640,000 |
| بەنزین بۆ حکومەت | 200,000 | ٤٨٣.٨ | ٥٠٠ | 16.2 | 3,240,000 |
| گازاویل بۆ حکومەت | 550,000 | ٤٨٣.٨ | 415 | 68.8 - | 37,840,000 - |
| گازاویل بۆ مولیدە | 850,000 | ٤٨٣.٨ | ٤١٥ | 68.8 - | 58,480,000 - |
| گازاویل بۆ ئۆتۆمبیل | 1,400,000 | ٤٨٣.٨ | ٥٠٠ | 16.2 | 23,520,000 |
| نەوت بۆ حکومەت | 90,000 | ٤٨٣.٨ | ١٦٠ | 323.8 - | 29,142,000 - |
| نەوت بۆ فرنەکان | 260,000 | ٤٨٣.٨ | ١٦٠ | 323.8 - | 84,188,000 - |
| نەوت بۆ مالان | 2,000,000 | ٤٨٣.٨ | ١٦٠ | 323.8 - | 647,600,000 - |
| نەوتی رەش بۆ کارگەکان تەن/مانگانە | 120,000 | 492,000 | 350,000 | 142,000 - | 568,000,000 - |
| کۆی گشتی | | | | | ١,٣٤٩,٨٩٠,٠٠٠ - |

**سەرچاوە: کاری توێژەرە بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی بلاوکراوە لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و داتای فەرمانگەی دابەشکردنی سوتەمەنی ٢٠١٤.**

[3] Cees van Beers, Jon Strand, Political Determinants of Fossil Fuel Pricing, Policy Research Working Paper, The World Bank, May 2013 . P 2

وەکو دەرکەوتوە لەو خشتەیەی سەرەوە، بە گوێرەی ئەو خەملاندنەی یەکەم بۆ تێچوەکان کە نەوتی خاوی وەکو سامانێکی نشتیمانی هەژمار کراوە کە تێچوەکە بۆ لترێك ٤٨٣.٨ دینارە. بە گوێرەی ئەو تێچوە پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخەکانی سوتەمەنی لە رۆژێکدا دەکات (١,٣٤٩,٨٩٠,٠٠٠) دینارە، یان لە مانگێکدا (٤٠,٤٩٦,٧٠٠,٠٠٠) ئەو برە هەرچەندە زۆر گەورە دیارە بەڵام هێشتا زۆر کەمترە لەوەی حکومەتی هەریم بڵاوی کردۆتەوە.

بەڵام کاتی تێچوی نەوتی خاو بە نرخی بازارە جیهانیەکان هەژمار دەکرێت یان وەکو وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بڵاوی دەکاتەوە. کە حکومەتی ناوەندی بۆ هەر بەرمیلێك نەوتی خاو ١٠٠ دۆلار لە بودجەی هەریم دەبرێت ئەو کاتە تێچوەکە دەکات بە ٠.٨٣ دۆلار بۆ هەر لیترێك یان بە دیناری عیراقی دەکات ٩٩٧ دینار بۆ هەر لترێك بە نرخی ئێستای بازارە دراویەکانی. ئەگەر ئەو تێچوە بەراورد بکەی بە نرخەکانی سوتەمەنی بۆمان دیاردەکەوێت کە پاڵپشتیەکە زۆر زیاترە. هەروەك لەو خشتەیەی خوارەوە دیارە.

## خشتەی ( ١٠ )

**هەژمارکردنی بری پاڵپشتی رۆژانەی حکومەت بۆ نرخی سوتەمەنی لە سەر بنەمای تێچوی خەملێندراوی دووەم (دینار)**

| جۆری بەرهەم | بری دابەشکراوی رۆژانە | تێچوی بەرهەمهێنان / لتر | نرخی پاڵپشتکراو/ لتر | جیاوازی نرخ | پاڵپشتی نرخ/ رۆژانە |
|---|---|---|---|---|---|
| بەنزینی کری (تەکسی) | 800,000 | 997 | ٥٠٠ | 497 - | 397,600,000 - |
| بەنزینی ئۆتۆمبیلی تایبەت | 2,200,000 | 997 | ٥٠٠ | 497 - | 1,093,400,000 - |
| بەنزین بۆ حکومەت | 200,000 | 997 | ٥٠٠ | 497 - | 99,400,000 - |
| گازاویل بۆ حکومەت | 550,000 | 997 | 415 | 582 - | 320,100,000 - |
| گازاویل بۆ مولیدە | 850,000 | 997 | ٤١٥ | 582 - | 494,700,000 - |
| گازاویل بۆ ئۆتۆمبیل | 1,400,000 | 997 | ٥٠٠ | 497 - | 695,800,000 - |
| نەوت بۆ حکومەت | 90,000 | 997 | ١٦٠ | 837 - | 75,330,000 - |
| نەوت بۆ نانەواخانەکان | 260,000 | 997 | ١٦٠ | 837 - | 217,620,000 - |
| نەوت بۆ مالان | 2,000,000 | 997 | ١٦٠ | 837 - | 1,674,000,000 - |
| نەوتی رەش بۆ کارگەکان/مانگانە | 120,000 | 492,000 | 350,000 | 142,000 - | 568,000,000 - |
| کۆی گشتی | | | | | 5,635,950,000 - |

**سەرچاوە: کاری توێژەرە بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی بلاوکراوە لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و داتای فەرمانگەی دابەشکردنی سوتەمەنی ٢٠١٤.**

لەو خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت ئەگەر خەملاندنی تێچوەکە بگۆرین بەگوێرەی نرخی نەوتی خاو ئەوە پاڵپشتی بۆ نرخی سوتەمەنی لە هەرێم بە ٥ بەرابەر زیاد دەکات (٥,٦٣٥,٩٥٠,٠٠٠) دینار کە مانگانە دەکات١٦٩,٠٧٨,٥٠٠,٠٠٠دینار. ئەو برە پارەیە بۆ هەرێمێکی وەکو کوردستان زۆر گەورەیە.

بەڵام بەهۆی ئەوەی ناتواندرێت سەرجەم خواستی هەریمی کوردستان لە هەموو جۆرەکانی سوتەمەنی تەنها بە بەرهەمی خۆماڵی دابین بکرێت بۆیە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەندی لە جۆرەکانی بەرهەمی نەوتی وەکو بەنزین و گازاویل لە دەرەوەی کوردستان ( ئێران و تورکیا) هاوردە دەکات. هەر بۆیە حکومەتی هەرێم تێچوی بەرهەمەکانی نەوت لەسەر ئەو نرخانە بنیات دەنێت کە لەو وڵاتانە هاوردەی پێدەکرێت. گازاویل لە ئێرانەوە رۆژانە برێکی زۆری لی هاوردە دەکرێت کە نزیکەی ٩ ملیون لترە لە رۆژیکدا بۆ وێستگەکانی کارەبا بۆ

بەدەسهێنانی تەزووی کارەبا بە نرخی ١١٠٠ دینار بۆ هەر لیتریك. بۆیە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەو نرخە بەکاردێنێت بۆ هەژمار کردنی تێچوی هەموو سوتەمەنیەکان. بەو پێیە بری پاڵپشتی هێشتا زیاتر دەردەکەوێت وەك لەو خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت.

**خشتەی ( ١١ )**

**هەژمارکردنی بڕی پاڵپشتی ڕۆژانەی حکومەت بۆ نرخی سوتەمەنی لە سەر بنەمای تێچوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان (دینار)**

| جۆری بەرهەم | بڕی دابەشکراوی ڕۆژانە | تێچوی بەرهەمهێنان/لتر | نرخی پاڵپشتکراو/لتر | جیاوازی نرخ | پاڵپشتی نرخ/ ڕۆژانە |
|---|---|---|---|---|---|
| بەنزینی کری (تەکسی) | 800,000 | 1100 | ٥٠٠ | 600 - | 480,000,000 - |
| بەنزینی ئوتۆمبێلی تایبەت | 2,200,000 | 1100 | ٥٠٠ | 600 - | 1,320,000,000 - |
| بەنزین بۆ حکومەت | 200,000 | 1100 | ٥٠٠ | 600 - | 120,000,000 - |
| گازاویل بۆ حکومەت | 550,000 | 1100 | ٤١٥ | 685 - | 376,750,000 - |
| گازاویل بۆ مولیدە | 850,000 | 1100 | ٤١٥ | 685 - | 582,250,000 - |
| گازاویل بۆ ئۆتۆمبێل | 1,400,000 | 1100 | ٥٠٠ | 600 - | 840,000,000 - |
| نەوت بۆ حکومەت | 90,000 | 1100 | ١٦٠ | 940 - | 84,600,000 - |
| نەوت بۆ نانەواخانەکان | 260,000 | 1100 | ١٦٠ | 940 - | 244,400,000 - |
| نەوت بۆ مالان | 2,000,000 | 1100 | ١٦٠ | 940 - | 1,880,000,000 - |
| نەوتی ڕەش بۆ کارگەکان/مانگانە | 120,000 | 492,000 | 350,000 | 142,000 - | 568,000,000 - |
| کۆی گشتی | | | | | 6,496,000,000 - |

**سەرچاوە: کاری توێژەرە بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی بلاوکراوە لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و داتای فەرمانگەی دابەشکردنی سوتەمەنی ٢٠١٤**

ئەگەر ڕەچاوی ئەو تێچوەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بکەین لە هەژماری پاڵپشتی نرخەکان، ئەوە پاڵپشتی نرخی سوتەمەنی هێشتا زۆر گەورەتر دەردەکەوێت. کە نزیکە لە(٦٤٩,٦٠٠٠,٠٠٠) دینارە لە ڕۆژێکدا، مانگانە دەکات (١٩٤,٨٨٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار کە بە دۆلار دەکاتە(١٦,٢٤٠,٠٠٠دۆلار) ئەو برە پارەیە هەتا بۆ دەوڵەتێکی گەشەکردوش بۆ مانگێك زۆر بارێکی گرانە بۆ بودجەی حکومەت.

## کاریگەری و ئاسەوارەکانی بەرزبونەوەی نرخی سوتەمەنی

بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی کاریگەری دووسەرەیە دەکرێت لە یەك کاتدا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەبێت. ئەگەر هاتوو دۆخی ئابووری وڵات سەقامگیر بێت و ئابووری لە گەشەکردندا بێت، ئەوا بەرزبوونەوەی نرخی هەندێ لە بەرهەمەکانی سوتەمەنی ئاراستەی بەکاربەران بۆ ژیرانەتر دەبات لە بەکارهێنانی هەموو ئەو سوتەمەنیانە بۆ نمونە بەرز بوونەوەی نرخی بەنزین یان گازاویل کاردەکاتە سەر ئەوەی کەمتر ئۆتۆمبێلەکان بەکار بێنن کە ئەوەش سوودی هەیە لە چەندین ڕووەوە هەروەك:

- کەمبوونەوەی پیسبوونی ژینگەوهەوا، وەکو دیارە لە دە ساڵی ڕابردوو بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل ژینگەی کوردستان پیسبوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، زۆر بەروونی دیارە کاتێ هەوا هەڵدەمژین دەزانین تا چەند هەوای کوردستان ناتەندروستە.
- کەمبونەوەی قەرەباڵغی نێو شەقامەکان بەهۆی کەمتر بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل، کە بێگومان هاتوچوو زۆر ئاسانتر و ڕێکتر دەبێت.

- کەمکردنەوەی پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخ بەهۆی کەم بەکارهێنانی سوتەمەنی و فرۆشتنی سوتەمەنی بەنرخێکی بەرزتر، کە ئەوەش زیادەیەك بۆ بودجەی حکومەت دابین دەکات کە دەکرێت دواتر بۆ چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری بەکاربێت .

لەلایەکی ترەوە، بەرزبوونەوەی نرخ لەو بارودۆخەی ئیستای هەرێمی کوردستان کە تا رادەیەك بە قەیرانێکی دارایی دەروات و هێشتا ژێرخانیکی ئەوتۆی نییە پشتی پێوەببەستی، دەکرێت ئاسەواری نەرێنی زۆر خراپی هەبێت، چونکە:

- بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی بە تایبەتی نەوتی سپی کە بەرهەمێکی زۆر گرنگە بۆ خەڵکی هەرێم و سەرچاوەی سەرەکییە بۆ گەرمکردنەوە ماڵەکان لە زستاندا بەتایبەتی بۆ خەڵکانێك کە خانوەکانیان لەکەرەستەیەك دروستکراوە گەرمی ناپارێزێت و هیچ سەرچاوەیەکی تر نییە بۆ گەرمکردنەوەی ماڵەکان و قوتابخانەکان و مزگەوتەکان ... هتد. زیادبوونی نرخی نەوتی سپی بۆ خەڵکی کەم دەرامەت کە ناتوانن بری پێویست لەو بەرهەمە دابین بکەن بۆ گەرمکردنەوە زۆر ئەستەمە خۆراگر بن لە بەرامبەری.
- جگە لەوە نەوتی سپی کەرەستەیەکی سەرەکییە بۆ نانەواخانەکان، بەرزبونەوەی نرخی نان بەگشتی کاریگەری زۆر خراپتری بە سەر بەکاربەردا دەبێت.
- هەروەها بە هۆی نەبونی شیوازی گواستنەوەی گشتی بە پێی پێویست وەکو پاس و میترۆ ...هتد کە بۆ هەموو شوێنێك بروات خەڵك بە ئاسانی ناتوانێت دەسبەرداری ئۆتۆمبیلەکانیان بن وەکو شێوازی سەرەکی گواستنەوە لە هەرێم. بۆیە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین کاریگەری زۆر خراپی دەبیت بەسەر گواستنەوەی کارمەندان بۆ کارەکانیان یان قوتلبیان بۆ قوتابخانەکان. کە ژیانی رۆژانەی خەڵك بەرەو ئاڵۆزی زۆر نارێك دەبات.
- بەرزبوونەوەی نرخی گازاویل بۆ مولیدە ئەهلیەکان کە بێگومان نرخی ئەمپێریك بە تێکرا بەرزدەکاتەوە، کە ئیستا بەشیك لە تەزووی کارەبای ماڵان لە هەرێمی کوردستان ئەوان دابینی دەکەن، خەڵك بە ئاسانی ناتوانن لەو بارودۆخەی ئیستا بەرگەی هیچ زیادەیك لە نرخی ئەمپێری کارەبای مولیدەکانیش بگرن.
- بەرزبوونەوی نرخی بەنزین و گازاویل کاردەکاتە سەر زیادبوونی تێچوی گواستنەوەی هەموو بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و کاڵاکانی بازار بە جۆریك رێژەیەك لە هەڵاوسانی ئابووری دروست دەکات.
- لە بەر ئەوەی نرخی بەنزین پیوەندی پێچەوانەیی هەیە لە گەڵ خواست لەسەر ئۆتۆمبیل، ئەوەش کار دەکاتە سەر ئەوەی نرخی ئۆتۆمبێل و بەهاکەی بە خێرایی دادەبەزێت لە گەڵ هەر زیادەیەك لە نرخی بەنزین . ئەوش زیانیکە بۆ ئەو کەسانەی ئۆتۆمبیل بە نرخێکی زۆر کریویانە ئێستا بەهاکەی زۆر دابەزیوە [4].

## ئەنجام و پێشنیار:

لە کۆتایی ئەم توێژنەوەیە سەرباری برێك کەموکوڕی لە بەدەستهێنانی داتای دروست و پێویست، دەگەین بە چەند ئەنجامێك کە دەکرێت کورت بکرێنەوە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا:

١- توانای هەرێمی کوردستان لە بەرهەمهێنانی بری پێویست بە خواستی بازارەکانی ناوەخۆ زۆر لاوازە کەلێنێکی گەورە لە نێوان خواست و خستنەروو هەیە کە بەردەوام دەبێتە گرفتێکی ترسناك لە ئێستا و داهاتوودا. پێویستە حکومەتی هەرێم بە وردی توانای بەرهەمهێنانی خۆماڵی زیاد بکات تا لە داهاتوودا کاریگەری ئەو گرفتە نەبێتە کۆسپێکی ترسناك بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و کۆمەلایەتی زیاتر.

٢- خواست لەسەر سوتەمەنی پەیوەندییەکی کاریگەری هەیە لەگەڵ نرخدا هەرچەند نرخ بەرز بێتەوە خواست کەمدەکاتەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە بەرزکردنەوەی نرخ هەموو کات نابێتە هۆی بەدەست هێنانی داهاتی زیاتر بۆ حکومەت. چونکە کاتێك کە نرخ بەرزدەبێتە لە ئاستێکی دیاریکراودا، بەکاربەران بری کەمتری لێدەکرن و بەوەش کۆی دەستهات کەم دەبێتەوە نەك زیاد

[4] Paul krugman, Robin Wells, Microeconomics, second edition , worth publisher ,United States of America 2009. P 67

بکات. بۆیە ناکرێت حکومەت هەموو کات پەنا بۆ زیادکردنی نرخی سوتەمەنی ببات بۆ زێدەکردنی داهات یان پڕکردنەوەی هەرکورتهێنانێك لە بودجەکەیدا.

٣- هەژمار کردنی تێچوی بەرهەمهێنان زۆر ئاڵۆزە، بەجۆرێك کە ناتوانین بە دروستی نرخەکەی دیاری بکەین یان بری پاڵپشتی حکومەت بۆ نرخ زۆر تەموو مژاوویە، بە شێوەیەکە خەڵك متمانەی نەماوە بە قسەکانی حکومەت کاتێ دەڵێت پاڵپشتی نرخ دەکەین. بۆیە لە بەرژەوەندی حکومەت نییە کە تیچوەکە لە خەڵکی بشارێتەوە یان زانیاری لە سەرنەدات.

٤- وەکو ئەوەی لەو توێژینەوەیە دەردەکەوێت تێچوی هەموو بەرهەمە نەوتیەکان لە ناو هەرێم زۆر هەرزانترە لەوەی هاوردە دەکرێت. بۆیە هەوڵدان بۆ باشترکردنی جۆری بەرهەمەکان و زیادکردنی برەکەی، بە شێوەیەك بتوانین هەناردەی دەرەوەی هەرێمی بکەین زۆر باشترە لە رووی ئابووریەوە لە هەناردەکردنی نەوتی خاو، و زۆریك لە کێشە سیاسی و ئابووریەکانیشمان کەمدەکاتەوە.

٥- دەسکاری کردنی نرخ لە ئیستادا کاریگەری نەرێنی زۆر خراپی دەبێت چونکە هەرێمی کوردستان هێشتا ئامادە نیە لە رووی ژێرخانی ئابووری بۆ هیچ گۆرانێك لە شێوازی بەکاربردنی سوتەمەنی. دەکرێت ئەو زیادکردنە لەنرخدا کاردانەوەی باشتری هەبێت کاتێ شێوازی گواستنەوەی گشتی پێشکەوتوو، ئامرازی گەرم کردنەوەی باشتر و جیاواز دابین دەکرێت. یان ئەڵتەرناتیڤی باشتر و هەرزانتر بۆ وزە گواستنەوە دابین بکرێت.

٦- لە ئەنجامدا ئەو توێژینەوەیە دەتوانێت گونجاوترین نرخ بۆ بەنزین دیاری بکات کە لە نێوان (٧٥٠ — ٨٠٠) چونکە ئەو نەرخە هێزی خواست و خستنەڕوو لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان تیایدا هاوسەنگ دەبێت، پێداویستی خاوەن ئۆتۆمبێلەکان تا رادەیەکی باش بەردەست دەکات ناشبێتە بارێکی گران بەسەر بودجەی حکومەت بۆ باڵپشتیکردنی، لەهەمان کاتدا بارێکی زۆر گرانیش نییە بۆ خەڵکی کەم دەرامەت.

## سەرچاوەکان:


- حليمة السعدية قريشي و زينب شطيبة ، النشاط البترولي وانعكاساته على البيئة http://manifest.univ ( 15.10.2014)
- United States Government Accountability Office, understanding the factors that influence the retail price of gasoline , may 2005
-
- Paul krugman, Robin Wells, Microeconomics, second edition , worth publisher ,United States of America 2009>
- Cees van Beers, Jon Strand, Political Determinants of Fossil Fuel Pricing, Policy Research Working Paper, The World Bank, May 2013.
- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان . پاڵاوگەکانی کوردستان ٢٠١٤.
- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان . فەرمانگەی دابەشکردنی سوتەمەنی پارێزگای / هەولیر ، سلێمانی ، دهۆك ، ٢٠١٤
- حکومەتی هەریمی کوردستان ، وەزارەتی ناوەخۆ . بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەریم ، بەشی ئامار ٢٠١٤
- حکومەتی هەریمی کوردستان . وەزارەتی پلان دانان. دەستەی ئاماری هەرێم . راپورتی مەزەندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ( ٢٠٠٩ -٢٠٢٠ ) ئابی ٢٠١٤

## فۆرمی پرسیار

هاوڵاتی بە ڕێز : ئەم فۆرمە تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستیە دڵنیابە زانیاریەکانی ناوی تەنها بۆ مەبەست زانستی و ئابوری بەکاردێت هاوکاریتان جێگای سوپاس و پێزانینە . توێژەر د. توانا فازل سالح

١. ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەت چەندە: (    ) کەسە
٢. ئاستی داهاتی مانگانەی هەموو خێزانەکەت چەندە؟

*٥٠٠- ٧٥٠ هەزار دینار* *٧٥٠ هەزار – ١ ملیون دینار* *١ملیون – ١.٥ ملیون دینار*

*١.٥ ملیون – ٢ ملیون دینار* *٢ ملیون – ٢.٥ ملیون دینار* *٢.٥ ملیون زیاتر*

٣. ئایە ئوتۆمبیلتان هەیە لە خیزانەکەتان ؟: بەلی نەخێر

٤- ئەگەر ئوتۆمبیلتان هەیە، بە کۆی خێزانەکەت چەندتان هەیە :

*١ ئۆتۆمبیل* *٢ ئۆتۆمبیل* *٣ ئۆتۆمبیل یان زیاتر*

٥- چەند ئوتۆمبیل تان هەیە بە کازوایل ئیش دەکات

*هیچ ئۆتۆمبیلێک بە گازوایل نیە* *١ ئۆتۆمبیل* *٢ ئۆتۆمبیل*

٦- ئەگەر نرخی بەنزین بە گوێرەی ئەو خشتەی خوارەوە بێت ئامادەی چەند لتر بەنزین بکریت لە هەفتەیەکدا بۆ هەر ئۆتۆمبیلێك ئەگەر هەتانە ( تکایە نیشانەیەك دابنێ لە سەر بری ئەو لیترانەی کە ئامادەی دەیکریت بە رامبەر هەر نرخێك لە هەفتەیەکدا)

| نرخی بەنزین بە دینار بۆ هەر لترێك | بری ئەو بەنزینەی ئامادەی بیکرێت بۆ هەر ئوتۆمبێلێك لە هەفتەیەکدا | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەر ٥٠٠ دینار بێت | ٥٠ لتر | ٦٠ لتر | ٧٠ لتر | ٨٠ لتر | زیاتر لە ٨٠ لیتر |
| ئەگەر ٧٠٠ دینار بێت | 20 لتر | 30 لتر | 40 لتر | 50 لتر | زیاتر لە 50 لیتر |
| ئەگەر ٩٠٠ دینار بێت | 10 لتر | 20 لتر | 30 لتر | 40 لتر | زیاتر لە 40 لیتر |
| ئەگەر ١١٠٠ دینار بێت | 10 لتر | 20 لتر | 30 لتر | 40 لتر | زیاتر لە 40 لیتر |
| ئەگەر ١٢٥٠ دینار یان زیاتر بێت | ئۆتومبیلەکەم ڕادەگرم بەکارێناهێنم | 10 لتر | 20 لتر | 30 لتر | 40 لتر |

٧- لە زستاندا بۆ گەرم کردنەوەی ماڵ چەند لیتر یان گاڵونی ٥ لیتری نەوتی سپی بە کاردێنن بۆ گەرم کردنەوەی ماڵ لە ڕۆژیکدا

*کەمتر لە (٥) لیتر* *١ گاڵونی ٥ لیتری لە ڕۆژیکدا* *٢ گاڵونی ٥ لیتری لە ڕۆژیکدا* *٣ گاڵونی ٥ لیتری لە ڕۆژیکدا*

٨- ساڵانە جگە لە برە نەوتەی کە لە گەل فۆرمی خۆراك بە نرخی دیاریکراو وەری دەگریت چەند بەرمیل نەوتی سپی زیاتر دەکریت بۆ گەرم کردنەوەی ماڵ :

*هیچ ناکرین و بەشمان دەکات* *بەشمان ناکات بەلام ناتوانین بیکرین* *١ بەرمیل* *٢ بەرمیل* *٣ بەرمیل*